# بەمجۆرە جەمال تاهیرم ناسی

وا لەسەر داوای خۆتان, چمکێکی بچووکی هەندێ لە بیرەوەرییەکانی نزیکەی پازدە ساڵێکی خۆمتان لەگەڵ شەهید مامۆستا جەمال تاهیردا بۆ ئەنووسم, لەبەرئەوەی پەیوەندییەکانمان فرە لایەن و هەمە بابەتو لە نزیکەوە بوو, ناچارم بەکورتی باسی هەندێك لەو ڕووداوانە بکەم, کە لەوماوەی پێکەوە بوونەماندا روویان داوەو دامناون. لە نووسینەوەی بیرەوەریەکانمدا هەموو وردو درشتێکی راستگۆیانەو بێ ئارایشت باس بکەم و ڕاستیی ئەو ڕووداوە خۆش و ناخۆشانە, کە بەشێکی لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان, وەك مـن تێیانگەیشتووم و ئاگاداریان بووم بگێڕمەوە وەك بارمتەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەستۆم...., هیوادارم بە (بەهۆی خەڵکەوە باسی خۆکردن) دانەنرێت...!!

پێش دەست پێکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی 1962-1963ی خوێندن, پێمان ڕاگەیێندرا, دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان یەکسەر خۆمان بگەیێنینەوە کوردستان و ئەوەبوو رۆژی پێنجشەمەی 1963/6/6, کۆمەڵێکمان لە ڕێی دەربەندیخانەوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی لە سەیتەرەی تونێلەکە,پێڵاوەکانیشیان پشکنین, ئەوانەی یەکسەر نەگەڕانەوە, لە بەغدا گیریان خواردو هەندێکیان ناچاربوون بەپێ و وڵاخ و چەرمەسەری بگەڕێنەوە.. و ئەوەبوو بەرەبەیانی 1963/6/9 رژێمی بەعس, دەستپێکردنەوەی شەڕی ڕاگەیاندو (قەدەغەی هاتوچۆ) خوێناوی وشوومەکەی زەعیم سدیق دەستی پێکردو شەڕیکورد بەگەرمی دەستی پێکردەوە..!, ئێمەی قوتابییانی زانکۆیش, (ئەوەی لەناو شاردا بەرەو رەشبگیر نەکەوتین) هەر بە سووکبوونی قەدەغەی هاتوچۆ, دەستمان کردەوە بە پەیوەندیی بەرێکخستنەکانەوە ئیش و کاری ڕێکخستنی خۆمان دەست پێکردەوە, کە لەوکاتەدا بریتی بوو لە کۆبوونەوەی هەفتانەو ئابوونەو پاڵتۆو بەتانی و پێخەف کۆکردنەوەو بەشەو گواستنەوەو حەشاردانیان لەچەند شوێنێکی گومان لێ نەکراو, وەك مزگەوت و هەندێ ماڵی چەپەك دوایی یەکخستن و گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی گونجاو (بەشەو وبە بن دەست و کۆڵی خوشك و کەسوکارو کچانی چاونەترسی دەرو دراوسێ جێبەجێ ئەکرا!) و دوای ئەوە گواستنەوەیان بۆ شاخ, لەلایەن بەرپرسانی تایبەتیی ئەو کارەوە..! ئەو هاوینە من پەیوەندیم بە ئەندامێکی (ڕێکخراوی14)وە هەبو ناوی کاك حەمەئەمین بوو, خزمی کاکە حەمەی حاجی تایەر بوو هەموو جارێك (هەفتەی دووجار, یان بەپێی پێویست), ئەچوومە ماڵەوە کە لەماڵی (حەمەی حاجی تاهیر) دابوو, بەرانبەر مزگەوتی بنتەبەقی تەنیشت ماڵی شێخ جەلالی حەفید), بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی ئەوسەردەمەی پارتی و پ.م, بەشی قوتابییانی زانکۆم لێوەرئەگرت و ئەم بردەوە بۆ ماڵی خۆمان لەسەر شەقام و دواتر ئەم گەیاندە شوێنی خۆی و, تا کودەتاکەی عەبدولسەلام عارف (لە 1963/11/18)دا بەسەر بەعسا نەکرا, نەمانتوانی بچین بۆ بەغدا بۆ کاروباری دامەزراندن و, لە, 1964/1/14دا بوومە مامۆستا لە ناوەندیی شۆڕشی کوڕان...!

پاش ماوەیەك, لەلایەن شەهید عومەر تۆفیقەوە کە ئەوکاتە ئەندامی سکرتارییەتی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو, داوام لێکرا بەرپرسیی بەڕێوەبردنی کاروباری لیژنەی شارو لقی سلێمانیی (ی.ق.ك) و لیژنەی بەرزی کچانی (ی.ق.ك)بگرمە ئەستۆو یەکەم دانیشتنی پێ سپاردنمان لەماڵی مامۆستا عەبدولخالق جەباری کرد, کە ئەوکاتە لە تەنیشت ماڵی میرزا غەفوورەوە بوو لەبەرخانەقا, لیژنەی شار, جەمال تایەر و جەباری حاجی رەشیدو محەمەد سابیرو عوسمانی سەعیدی والی بەگ و عارف کەریم و فوئاد عەبدولستار بوون, ئەندامانی لقیش

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ئەنوەر تۆفیقو ئەحمەد عەزیز (پێنجوینی)و سمكۆ فەتحوڵڵاو یەك دوانێكی تر بوون, بەمجۆرە جەمال تایەرم ناسیو ئەوپەیوەندییەمان (لە قوتابییاندا), تا چەند ساڵێك درێژەی كێشاو, لەراستیدا ئەوەی ئەو ماوەیە من لەوانم بینی, جێی شانازی و بیر نەچوونەوەن و ئەتوانم بڵێم هەرهەموویان نیشانەی دڵسۆزی و پەرۆشو لەخۆبوردنو پابەندی بوون بە هەموو ئەو ئەركانەوە كە پێیان ئەسپێردرا, بێگومان, لەهەمان كاتدا, بەرپرسی حیزبیشیان بووم (بەتایبەتی جەمال تاهیرو جەباری حاجی رەشیدو محەمەد سابیر), تا 1971/3/11, لە كۆنفرانسی 1968ی ناوچەیی حیزبدا, هەڵبژێردرام بۆ لیژنەی ناوچەی سلێمانیو دواتریش بۆ كارگێڕی لق.

كات (4)ی بەرەبەیانی 1970/3/11, كاك خەسرەو حەمید بابان بەجێبێكەوە هات بۆماڵەوە بەدوامداو هەرچی كەلوپەلێكی گرنگ لای من بوو هەڵمان گرت و چووین بەدوای كاك (فەوزی رەشید نامق) داو پێكەوە چووین بۆ ئەوشوێنەی كە دیاری كرابوو, لەوێ پێیان راگەیاندم كە بەپێی بڕیارێكی تێكڕای بەرپرسانی ئەوكاتە, من ئەبێ لە سلێمانی بمێنمەوەو بەرپرسیی حیزبو ڕێكخراوەكانیش بگرمە ئەستۆ و ئەوەبو لەوكاتەدا كە زۆر دەگمەن خەڵك هەبوو بوێرێ ئیش بكات, لیژنەیەكی ناوچەی نهێنیم لە جەمال تایەرو محەمەد سابیرو جەلال عەزیزو (دووكەسی تر!( پێكهێنا (باناویان نەبەم!!), كە تەنها یەكەم كۆبوونەوە هاتن, كە لەماڵی شەهید مەلا رەسووڵ دانیشتین, لەگردی شێخ محێدین, ئیتر نەمان بینییەوە..! ئەو برا بەرێزانەی تر بەوپەڕی لەخۆبوردنو نەترسییەوە گیانی خۆیان خستبووە سەرلەپی دەستیانو لەجاران پەرۆشترو چالاكانە تر كارەكانیان رائەپەڕاندو, هاودەنگیو هاوباوەڕیی ئەوان لەگەڵما كە هەمووما لەوانە بووین لە سیاسەتی ئەوكاتەی حیزبەكە ڕازی نەبووین, (بەتایبەتی هاوكاریی لەگەڵ بەعسو شەڕ لەگەڵ باڵەكەی تردا كە بێپاساو بوو!)و خۆڕاگرییان لەبەر مەترسیو چاودێری و هەڕەشەو گوڕەشەی ساڵێكی پڕ جەفەنگی ئەوبارودۆخەو هەوڵی ڕێخۆشكردنو زەمینەسازیی بۆ ئاشتبوونەوەیەكی گشتیو تێكەڵبوونەوەی هەردوو باڵەكە, كاریگەری گرنگی هەبوو بۆ سەركەوتنی ئەوبۆچوونەو ئەوەبوو كۆنگرە لە 1971/2/10دا لە بەغدا بەسترا و ئەندامەكانی ئەوانەبوون كە لەكۆنفرانسە ناوچەییەكانی پێش دەرچوونی بەیانی 11ی ئازاردا هەڵبژێردرابوون كە زۆربەیان داخ لە دڵو ناڕازییەكانی ناو حیزب بوون لە رەوتی سەركردایەتیو ئەوەبوو بەزۆربەی دەنگ, بڕیاری گۆڕینی ناوی حیزبەكە بۆ (پارتی شۆڕشگێڕی كوردستان)و هەڵوەشاندنەوەی و یەكگرتنەوەی لەگەڵ باڵەكەی تری پارتی دراو, بڕیاربوو كە سێیەكی ئەندامانی لقو ناوچەكان لە كادیرەكانی ئێمە دابنرێو ئەوەبوو لە دانیشتنی دووەمی كۆنگرەكەدا (كەناونرا كۆنگرەی حەوتەم) و لەماڵی مامۆستا برایم بەسترا, ناوی ئەوانە خوێندرایەوە كە بۆ تێكەڵبوونەوە لەلایەن (م.س)ەوە دیاری كرابوون, هەڤاڵان جەمال تاهیرو محەمەد سابیرو عەبدوڵڵای حاجی سەعید بۆ ناوچەی سلێمانیو كەمال خۆشناوو مەحموی مەلا عیززەت و فوئاد قەرەداخیو حەمە چاوشینو رەفعەتی مەلا دانرابوون بۆ لقی سلێمانی,لقی (4) ئەوەبوو یەكسەر جەمال تاهیرو محەمەد سابیر, هەڵسانو كردیان بەهەراو ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر بەوانەی كە ئەو ناوانەیان داناوەو, وتیان بۆچی جەمال عەبدولی تیا نییە, لەكاتێكدا لەوبارودۆخە پڕ مەترسیو كێشەو گرفتەدا كە كەس نەیئەوێرا بجووڵێتەوەو ناوی هیچ بینێت, ئەو هەموو بەرپرسییەكی لقو ناوچەی نهێنی حیزبو هەموو ڕێكخراوەكانیشی گرتە ئەستۆو نزیكەی هەموو كۆبوونەوەكانیشی لەماڵی خۆیان ئەكرد, كە كەس بواری نەئەدا كۆبوونەوەیەك لەماڵیدا بكرێتو جارەها كەوتە بەرهەڕەشەی كوشتنو چاودێریی بەردەوامو ماڵ پشكنینو زۆر شتی تریش..!, كەچی ئێستا هیچ بەرپرسییەكی حیزبیی پێ نەسپێردراوە, ئەوەبوو, كاكە حەمەی حاجی تایەر, كە تا ئەوكاتە ئەندامی (م.س)و بەرپرسی لقی سلێمانی حیزب بوو هەستاو وتی: براینە, ئەوە من وتوومە باوابێ,

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

چونکه وتوومه, (ئەو پیاوە ئەوەندە راستو پاكو...تاد)ە, لەگەڵ ئێمە هەڵی نەئەکرد, ئیتر چۆن لەگەڵ ئەو... هەڵئەکات..!؟, ئینجا, خۆم هەڵم دایەو وتم, هەموو هەقی خۆیانەو کاکە حەمەیش ڕاست ئەکات..!!و ئەوەبوو خێریان بنووسێ دایاننابووم بۆ لیژنەی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایان..!, بێگومان دوای تێکەڵبوونەوەیش و تا چوونە دەرەوەی 1974یش, زۆربەی کێشەی تێکەڵبوونەوەو برادەرانی ڕێکخستنەکانی سلێمانیو شەڕو گێچەڵ و چاودێریی بەردەوامی خۆمو ماڵ و تەنانەت پیلانی کوشتن بۆ دانانو زۆرشتی تریش, هەر بەرۆکی منی ئەگرتەوەو یەخەگیری من ئەبوو, هەرسێ ئەندامەکەی ناوچە هەڤاڵان (حەمە سابیرو جەمال تاهیرو عەبدوڵڵای حاجی سەعید)و ئەوانەی لق (مەحموی مەلا عیززەت و کەمال خۆشناو), ئاگاداری هەندێکی ئەو کێشانە بوون, کە ئەچوومە سەر بەرپرسانی باڵەکەی ترو هەندێ جار ئەوانیشیان لەگەڵدا بوون..!

لە (1964)ەوە, بێ پچڕان بەرپرسی ڕێکخستنی حیزبیو قوتابیانو دواتریش مامۆستایانی مامۆستا جەمال تاهیر بووم تا 1971و تێکەڵبوونەوەی دووباڵەکەی پارتی, هەمیشە مرۆڤێکی هێمنو لەسەرخۆ و هۆشیارو دەستپاك و چالاك و لەخۆبوردوو گوێڕایەڵ و پابەندی کاروفەرمانی حیزب و ئەو ڕێکخراوانە بوو کە ئیشی تێدا ئەکردو یەکێك بوو لەوانەی, (نەو) و (ناکرێت) و (ناتوانم)ی نەئەزانی لە سەختو دژوارترین ڕۆژەکانی تێکۆشاندا, بەورەو نەترسو گیان لەسەردەست بوو, لەکۆتایی حەفتاکاندا دووجار گیراو, تووشی گەلێك ئازارو ئەشکەنجەو چەرمەسەری بوو, بەڵام سەربەرزانە ڕزگاری بوو, تا ئەوەبوو بەناچاری شاری بەجێهێشت و چووە شاخ..., ئەوەندەی ناسیم, مرۆڤێکی سەرڕاست و بەئەمەك و یەکڕوو بوو, بەردەوام هاتوچۆی ئەکردم و بۆ زۆرشت پرس ورای پێ ئەکردم, بێگومان گەلێ یادو بیرەوەریی تریشم هەیە لەگەڵی, بەتایبەتی لەکۆبوونەوە گشتی و کۆنفرانسو کۆنگرەکاندا..و, زۆر قسەو باری سەرنجم هەیە, با بمێنێ بۆ کاتی خۆی, هەزار درووود لە گیانی پاکی ئەوو هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەمان.

**جەمال عەبدول**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com